# شرۆڤەی سەرهەڵدانی دیاردەیەکی دزێو، لەنێوان بوون و نەبووندا

## (بەپێی سەفەرنامەکانی سەردەمی قاجار)

**فەرامەرز ئاغابەیگی**
**(یەزد)**

**پوختە**

زۆر یەک لە بینینی گەشتیاران کە ساکار دێتە بەرچاو، جاری وایە پێویستە لەبارەیانەوە باس بکرێ؛ بە واتایەکی تر، بە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە بخرێنە بەر پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەوە؛ بۆ نموونە، بابەتی چەتەیی کە بە فراوانی لەناو سەفەرنامەکانی سەردەمی قاجار باسی لێ کراوە، بێ گومان شتێکی بە هەڵکەوت نییە کە لە بۆشاییدا بەدی هاتبێ، بەڵکو کۆمەڵێ هەلومەرج لە بەدی هێنانیدا ڕۆڵی هەبووە؛ لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەی بەردەست، هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی چەتەیی لەناو کوردان؛ بەپێی سەفەرنامەکانی سەردەمی قاجار دەخاتە بەر باس و لە وتەگەلی گەشتیاران چەند هۆیەک لەمەڕ شکڵگرتنی چەتەیی دەخاتەڕوو، لە کۆتاییدا بە پشت بەستن بە سەفەرنامەکان، مەسەلەی گشتاندنی چەتەیی و ڕێژەیی بوونی وەها دیاردەیەک، لێک دەداتەوە.

کلیل وشە: کورد، چەتەگەری، سەفەرنامە، قاجار.

### ١- پێشەکی

کاردانەوەی هێندێک بابەت لە سەفەرنامەکاندا، سەرەڕای ئاسایی بوون و ساکارییان، جاری وایە لێکۆڵەر بەدوای شیکاریی هۆ و چلۆنایەتییاندا دەخاتە ئەندێشەوە و دەبێتە هۆکاری پاڵدانی توێژەر بۆ ڕوونکاریی مەسەلەکە؛ بۆ نموونە چەتەگەری، یەکێک لەو مەسەلانەیە کە زۆر کەوتووەتە بەر سەرنجی گەشتیاران و لەبارەیەوە ڕاپۆرتگەلی جۆراوجۆریان تۆمار کردووە، ئاشکرایە فراوانی ئەم دیاردەیە لە سەفەرنامەکاندا، شتێکی بەرێکەوت نییە؛ هەر بەم مەبەستە، پێویستە لە ڕوانگەی سەفەرنامەکانەوە بە شوێن هۆیەکانی ئەم دیاردەیەدا بگەڕێین تا لەم بارەیەوە بە ڕوانگەیەکی

دیاریکراو بگەین.

لێکۆڵینەوەی حازر کە باسی هۆیەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی چەتەیی لەناو کوردان دەکا، تا ئێستا بەداخەوە بەهۆی لایەنی نێگەتیڤ، یان کۆمەڵێ وێنای هەمەکی و داپۆشراو سەبارەت بە چەتەیی، کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەبێ وەک بابەتێکی کۆمەڵایەتی کە پێویستی بە ناسین و لێکۆڵینەوەیە، چاوی لێ بکرێ؛ نەک تەنیا وەک بابەتێکی باسکراو لە سەفەرنامەکاندا.

دەبێ بڵێین تا ئێستا سەبارەت بە دیاردەی چەتەیی لەناو کورددا، لێکۆڵینەوەیەکی جیا ئەنجام نەدراوە، بەڵام بەشێوەی تەرت* و کورت دەتوانین لە هێندێ سەرچاوە، بێجگە لە سەفەرنامە، شوێن پێی وەدۆزین؛ بۆ نموونە، سەرچاوەیەک کە ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردووە، کتێبی "دابونەریتی کوردان"ـە لە نووسینی مەحموود ئەفەندی بایەزیدیی کە بەهۆی کوردبوونی نووسەرەکەی، گرینگی تایبەتی هەیە (لە درێژەی وتارەکەدا کورتەیەکی لێ دێنینەوە)، کتێبێکی تر کە ئەو مەسەلەیەی تێدا هاتووە "کۆمەڵناسیی خەڵکی کورد"ـە هی بروینسێن کە هەر چەند بەشێوەی جیا باسی چەتەگەریی نەکردووە، بەڵام لە چەند جێی کتێبەکەدا ئاماژەی پێ داوە.

وتاری بەردەست کە بنەمای کارەکەی لەسەر بینینی سەفەرنامەکان داناوە، بەشێوەی تایبەت مەبەستی هۆیەکانی سەرهەڵدانی چەتەگەرییە لەناو کورددا بەپێی سەفەرنامەکانی سەردەمی قاجار (١٧٩٦-١٩٢٥ز)؛ بەو ئامانجەیە کە بەرهەمی تاقمێک گەڕۆکی ئەم سەردەمە لە بواری وەها بابەتێکدا بکۆڵێتەوە، بەڵام ئاساییە کە سەردانی سەفەرنامەکانی پاش، یان پێش سەردەمی قاجاریش کراوە، هەروەها لە سەرچاوەگەلی لاوەکیش کەڵک وەرگیراوە.

لەمەڕ بابەتی چەتەگەری، پێویستە سەرەتا هێندێک ئاماژە بدرێتە سەر بارودۆخی ئاسایشی ئەو سەردەمە لەگەڵ کردەوەی بەرپرسانی قاجار، ئەوەی دەبێ هاوپێوەند لەگەڵ سەردەمی قاجار ڕوون بکرێتەوە، مەسەلەی گەشەنەکردنی ڕێکخراوەکانە لەو سەردەمەدا؛ بۆ نموونە بەهۆی نەبوونی سوپای ڕێکوپێک و ڕاهێنراو، "شا"یەکان «بە سەردانی ئەم شارە و شار کە لەژێر چاوەدێریی کۆمەڵێک لایەنگر بەڕێوەدەچوو، هێز و دەسەڵاتی خۆیان وەبیر پەیڕەوان دێناوە» ڕاستییەکەی «بنکەی حکوومەت بەپێچەوانەی وڵاتانی ئەورووپی، بەجێی ئەوەی لەناو بینای ئەنجوومەنی باڵا (سەدارەتی ئەعلا)دا بێ، لەسەر پشتی ئەسپ بوو» (مەک داول، ١٣٨٦: ١٤٤) قاجارەکان، ڕێکخەری نەزمێکی نوێ نەبوون، بەڵکو داسەپێنەری ویستی خۆیان بوون بەسەر باردۆخی ئەو کاتەدا؛ ئەوان نە لە سیستمی ناوچەیی پێش خۆیاندا گۆڕانکارییان بەدی هێنا، نە لە گۆڕینی کەسانی خاوەن پلە و پایەدا، بوونی ترس لە وجوودی سەرۆکەکانی قاجار، ڕیشەکەی بۆ دانانەوەی دووبارەی گەورەپیاوان و بەرپرسان لە پێگە و پلەی پێشوویاندا دەگەڕایەوە؛ بەشێوەیەک کە ئەوان (ابقا شدگان- کەسە دانراوەکان) تەنیا بووبوون بە «پشتیوانانی قاجار»، نەک شتێکی زیاتر (فلوور، ١٣٦٥:ج٢/ ٢٠).

بەهۆی «نەبوونی دامەزراوگەلی بنەڕەتیی پێویست» لە سەردەمی قاجار، هەوڵ و هەنگاوی سپا بۆ پارێزگاری و دابینکردنی ئاسایشی ناوچەگەلی دوورەدەست، لە ئاستێکی نزمدا بوو: «تا ساڵی ١٨٩٠ی زایینی، ئێران خاوەن دوو ڕێگای هاتوچۆی عارەبانە (کالسکە) بوو؛ قەزوین بۆ تەورێز، تاران بۆ قوم» (مەک داول، ١٣٨٦: ١٣٨) وەرگرتنی باج و خەراجی ناو ڕێگا لەلایەن ڕاسپاردەی خانگەلی خاوەن دزە و سەرۆک عێل و عەشایر، مەسەلەی ئاسایشی ڕێگەوبانی تووشی گرفت کردبوو؛ بەجۆرێک کە تاقمێک «قەرەسۆران»ی(١) حکوومەت هیچی لە دەست نەدەهات، لەم ڕووەوە کاروانچییان ناچار بوون بۆ پارێزگاریی ماڵ و گیانی خەڵک، دەستەی چەکدار لەگەڵ خۆیان هاوڕێی کاروان بەرن(شەمیم، ١٣٩٠: ٤٠٦-٤٠٥) کۆمەڵێک لەم جۆرە هۆکارانە، پەرەی دەدا بە نائەمنی لە سەردەمی قاجار و بەستێنی بۆ چەتەگەری خۆش دەکرد.

لە ئاستی ناوچەییدا قاجارەکان ڕۆڵێکی گرینگیان لە پەرەپێدانی چەتەگەریی هەبوو، بەرپرسانی حکوومەت لە «سریشتی(غریزە) چەتەگەریی کوردان» لەپێناو بەجێهێنانی ویستی خۆیان هەر کات بەپێویستیان زانیبا، کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام بۆ ئەوان «بایەخی ئەم کارە جێی دڕدۆنگی بوو»؛ بۆ نموونە، زەمانێک داواکارییان لە جەعفەرخان (سەرۆکی عێلی شکاک) کرد بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێڕانی ئەرمەنی، بەڵام لە ئاخردا تاقەتی یاغیگەریی ئەویان نەهێنا و بە فێڵ و تەڵەکە لە تەورێز کوشتیان(٢) (مەک داول، ١٣٨٦: ١٥١).

دەبێ بڵێین جگە لە هۆکاری ناوخۆی وڵات، جاری وا هۆکاری سیاسی دەرەوەش لە ڕوودانی تاڵان و چەتەگەریی کورد شوێندانەر بوو؛ بۆ وێنە، "بانگەوازی جیهاد"ی تورکان لە ساڵی ١٩١٤ی زایینی کە موسڵمانەکانی لەژێر دروشمی بەرگری لە ئیسلام، دژ بە دەوڵەتە دەستدرێژەکانی ڕووس و فەرەنسا و ئینگلیز کۆ دەکردەوە، بوو بە بوارخۆشکەری تاڵانگەریی کورد لە پارێزگای ورمێ کە وێرانیی زۆری لێکەوتەوە(نیکیتین، ١٣٥٦: ٢٣٣-٢٣٠).

خولاسە، موتاڵا و توێژینەوەی بەرهەمی گەشتیارانی سەردەمی قاجار، ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە کە زۆربەیان ئاماژەیان بە چەتەیی کورد کردووە؛ کەوابوو بێ گومان ئەم پرسیارە بۆ خوێنەری سەفەرنامە دێتە ئاراوە کە هۆی ئەم هەموو ئاماژەیە لەمەڕ چەتەیی کورد چییە؟! ئایا کورد بەگشتی، ئەو جۆرەی گەشتیاران گوتوویانە، چەتەگەرییان دەکرد؟ ئەم خاڵە شاراوانە بوونە هۆی نووسینی وتاری حازر تا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە کە هۆی ڕووهێنانی کورد بە تاڵانگەریی چی بووە؟ گشتاندنی ئەم دیاردەیە چۆن لێک دەدرێتەوە؟

سەرەتا بۆ زانیاریی زیاتر کورتەیەک سەبارەت بە شێواز و چۆنیەتی چەتەگەریی دێنینەوە، پاشان دێینە سەر لە ناوبردنی هۆکارەکانی پەیدابوونی وەها دیاردەیەک، لە ئاخردا مەسەلەی گشتاندنی لەنێو کوردان لێک دەدرێتەوە:

## ٢- شێواز و چۆنیەتی چەتەگەریی

سەبارەت بە شێوازی چەتەگەریی کورد بەهۆی ئەوەی زیاتر نیهانی و دوور لە چاوی خەڵک ئەنجام دەدرا، زانیاریی زۆر لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانەکەی تۆمار نەکراوە، کاتێکیش گەشتیاران بینیویانە، تەنیا ڕووداوەکەیان باس کردووە و لەسەر پاژەکانی زۆر نەدواون، بەڵام لە کتێبی "دابونەریتی کوردان" نووسراوەی مەحموود ئەفەندی بایەزیدی، سەبارەت بە شێوازی چەتەگەری و کاتی ئەنجامدانی، هێندێک بابەت تۆمارکراوە کە بەهۆی پێوەند لەگەڵ بابەتی لێکۆڵینەوەکە، کورتەیەکی لێ دێنینەوە:

کوردەکان لە کاتی چەتەگەریدا، لەسەر شوێنێکی بڵند، دوو کەسیان وەک کێشک دادەنا کە ئەرکی چاودێری کردنی ڕێگایان لە ئەستۆ بوو، ئەم کێشکچییانە ئەگەر کەلوپەلی ڕێبوارەکانیان بۆ تاڵان شیاو زانیبا، لەو شوێنەی وا خەریکی پاسەوانی بوون، بە مێزەر و دەسماڵ، یان جووڵاندنی شتی تر، دەستەی سواری کەمین گرتوویان حاڵی دەکرد، دەستەی سوار بە ئیشارەی ئەوان، دەستبەجێ کاریان دەست پێدەکرد و ڕێبوارەکانیان ڕووت دەکردەوە، دوای ئەنجامدانی چەتەگەری، چاوی تاڵان کراوەکانیان دەبەست، ئینجا لە دۆڵێکی دوور لاق و دەستیشیان دەبەستن، سوارە چەتەکان تا وەختێکی هەوا تاریک دادەهات، لە دۆڵەکەدا دەمانەوە، پاشان کەلوپەلی دزراویان لەگەڵ خۆیان دەبرد و چەند سوارێکیان بۆ بەرگری کردن لە کردنەوەی دەست و پێ، یان دەنگی هاریکاری خوازیی ڕێبواران، تا بەیانی لەوێ دەهێشتەوە، وەخت و کاتی ئەنجامدانی چەتەگەری، ئێواری و شێوان بوو؛ لەبەرئەوەی لەو وەختەدا شەو دادەهات و ئەوان دەیانتوانی ماڵی دزراو پێش گەیشتنی هاریکاری، بشارنەوە، تاڵانکردنی گوندەکانیش هەر لەو وەختەدا بوو، بۆ ڕێگرانی کورد قایمکاری هەمیشە هاودەمی کار بوو، تا ئەو جێیەی دەکرا لە تێکهەڵچوون، سەرەڕای زۆربوونی ژمارەیان بەسەر بەرانبەردا، خۆیان دەپاراست(ئەفەندی بایەزیدی، ١٣٦٩: ١٧١) "پ. ئامدە ژۆوبێر"یش(٣) ئاماژەی بە کات و ساتی چەتەگەریی کورد کردووە و سەروبەندی ئەم کارەی بەیانی و شێوان نووسیوە(ژۆوبێر، ١٣٤٧: ٢٠).

سەبارەت بە وەسفی ڕواڵەتی ڕێگران؛ یانی چلۆنایەتی جۆری جلوبەرگ و شکڵ و...تاد خاڵ-گەلێکی زۆر تۆمار نەکراوە، بەڵام لە شەرحەکەی ئارمینیوس وامبێری(٤) کە باسی ڕووبەڕووبوونەوەکەی لەگەڵ ڕێگرانی کورد دەکا، دەتوانین لەمەڕ تەمەن و جۆری چەکی ڕێگران زانیاریی باش وەدەست بێنین، بەگوێرەی وتەی وامبێری، تەمەنی ئەو کەسانەی دەستیان لە کاری تاڵاندابوو بەگشتی لاو نەبوون، بەڵکو پیاوی ڕیش سپیش لەنێویاندا دەبینرا و چەکەکانیان بریتی بوو لە قەڵغان و نێزە و تفەنگ و شمشێر(وامبێری، ١٣٧٢: ٥١-٤٥) ئەو جۆرەی وامبێری ئاماژە دەکا چەکداربوون، یان هەبوونی نیشانێک کە ناسێنەری تاک بایە، تارادەیەک دەیتوانی لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەتەکان کارساز بێ و تاک نەجات بدا(نک:وامبێری، ١٣٧٢: ٤٩).

### ٣- بەڵگەکانی کاریگەر لەبەرەو چەتەگەری بردنی کورد

### ٣- ١- پشتیوانی خان و سەرۆکەکانی کورد لە چەتەگەری

بەپێی ئەوەی لە سەفەرنامەکاندا وتراوە، دەتوانین بڵێین یەکێک لە هاندەرە ئەگەرێتییەکان کە ڕێگای بۆ چەتەگەریی لەنێو تاقمێک لە کوردان خۆش کردووە، بایەخ و سەرنجی خان(٥) و سەرۆکەکانی کورد سەبارەت بە چەتەگەری و تاڵان بووە؛ چونکە لە لایەن ئەوان نە تەنیا هەنگاوێکی کردەیی بۆ بەرگیری و دژیوپێشاندانی ئەم کارە هەڵنەهاتووەتەوە، بەڵکو تەنانەت دەستوورەکەشی لە لایەن ئەوانەوە دەدرا، یاکۆب ئێدوارد پۆلاک(١٨٥١ز)(٦) کوردەکانی دەربەست بە پەیڕەوی خان زانیوە و دەڵێ تەنیا بە دەستووری ئەو، لە شوێنگەکانیانەوە بۆ کاری چەتەگەری تێدەکۆشان (پۆلاک، ١٣٦١: ٣١٣) لەم ڕووەوە پشتیوانی و فەرمانی تاڵان لە لایەن سەرۆکانی تیرە، مەسەلەی چەتەگەری لەنێو کوردان پەرە دەدا و دەبوو بەهۆی ئەوەی تاکەکان ترسی لێ پرسینەوەیان لە گەورەی خۆیان نەبێ.

دیرک کێننان(٧)، ئاماژەی بە ڕۆڵی بەرچاوی شێخ و ئاغا لە هێزبەخشین و پاڵنانی ژێردەستان بەرەو ئەنجامی دەستدرێژی کردووە و دەنووسێ بە هەوڵی دەوڵەتی ناوەندی لە بواری دروستکردنی ڕێگا و پاسگا لە گوندەکان، چەتەگەری ئیتر سوودێکی بۆ ئاغاکان تێدا نەما و وردەوردە لەم کارە دەستیان کێشایەوە (کێننان، ١٣٤٨: ١٧) زۆر ڕوونە کە دەوری سەرۆکی تیرە و گەورەکان لە ڕێنوێنی فەرمانبەران و ڕێکخستنی پەلامارگەلی چەتەگەری چەندە کاریگەر بووە، بەڵام ئەوان لەمەڕ کاری خۆیان هیچ هەستیان بە شەرمەزاری نەدەکرد(پۆلاک، ١٣٦١: ٣١٣).

گاسپار درۆڤیل(٨)، لە کتێبی "سەفەر لە ئێران" لە بەشی سەبارەت بە کورد، ئاماژەی داوەتە سەر مەسەلەی خۆتێهەڵقوتاندنی سەرۆک تیرەکان لە کاری چەتەگەریدا و دەنووسێ بەرپرسی ناردنی خەڵک بۆ تاڵان کردن، خودی ئەرباب بوو؛ بەجۆرێک کە تاکی ژێر فەرمانی ئەو، تاڵانی دەسکەوتی چەتەگەرییان بەبێ کەموکورتی ڕادەست دەکرد و پشکی بەڵێندراوی خۆیان وەردەگرت (درۆڤیل، ١٣٦٥: ٣١٧) مارتین وان برووینسێن(٩)، لە کتێبی کۆمەڵناسیی خەڵکی کورد (ئاغا، شێخ و دەوڵەت) دەڵێ ڕێکخستنی دەستەگەلی تاڵان بە داهێنانی ئاغا، یان هاوبەشیی تاقمێک لەوان جێبەجێ دەبوو (برووینسێن، ١٣٧٩: ١٢٧)، کەوابوو فەرمانی سەرکردەکانی تیرە لە بڕیار دەرکردن بۆ تاڵان، دەورێکی گرینگیان لە گەشە و پەرەپێدانی چەتەگەری لەنێو کوردان هەبوو؛ لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی بەرفەرماندا، ڕا و نەزەری ئەرباب دروست و پەیڕەوکردنی پێویست بوو(١٠). پەرەسەندنی کاری تاڵان و چەتەگەری، لەژێر سێبەری پشتیوانی سەرکردە و بڕوامەندی تاکی تیرە بە ئەنجامدانی، کەم کەم وەک نەریتێکی باوی لێهات؛ بەشێوەیەک کە پابەندی بە ئەنجامی چەتەگەری، بوو بە نیشانەی پێوەندی تاک لەگەڵ سەرۆکی خۆی(پۆلاک، ١٣٤٨: ١٧).

### ٣- ٢- پێداویستی سروشتی ناوچەکانی سەرسنوور (سنوورنشینی)

ناوچەگەلی سەرسنوور هەمیشە بۆ جەماوەری سەقامگیر لەوێ، هۆکاری ئاسان کەرەوەی هاتوچۆی زیاتر بووە بۆ دەرەوەی سنوور و لەچاو ناوچەکانی ناوەند و ناوخۆ، تاڕادەیەک بزاڤ-گەلی(تحرکات) زیاتریان بەخۆوە بینیوە؛ چ بەشێوەی دزەی خاوەن دەسەڵاتدارانی بیانی، چ بە شکڵی بزووتنەوەی ناوخۆ، بەباوەڕی دەوید مەک داول(١١)، مەسەلەی کەوشەن دیاریکردن بۆ کوردان، لەخۆگری گەلێ سوود بووە؛ وەک پێکهێنانی کاری قاچاغ، حەشارگە بۆ سەرۆکانی ڕاکردوو لەگەڵ بردنەپێشی ئامانجەکانیان لە سایەی پشێویی سنووری نێوان وڵاتانی دراوسێ (مەک-داول، ١٣٨٦: ٥٠-٤٩) وێدەچێ پێداویستی سروشتی ناوچەکانی سەرسنوور، سەرەڕای سوودبەخشیی ئاماژەپێکراوی سەرێ، بەجۆرێک لە چۆنێتی شکڵدان و پەرەپێدانی چەتەگەرییش شوێن دانەر بووە.

ئێدوارد پۆلاک، ناوچەگەلی ناسراو بە ناهێمنی لە ئێران بۆ چواربەش دابەش دەکا کە بەم جۆرەن:

١- مەودایەک لە ڕێگای مەشهەد کە تورکمانەکان لەوێدا کاریان تاڵانکردنی کاروانی زیارەتکەران بوو.

٢- دەوروبەری ئەستەرئاباد کە تورکمانەکان دەهاتنە ئەوێ بۆ فرۆشتنی نەوت و خوێ و جاروبار ڕفاندنی مرۆڤ.

٣- ناوچەگەلی بچووکی باشووری ڕۆژئاوا کە لە

کێوەکانیدا، کورد و بەختیاری و لوڕ نیشتەجێ بوون.
٤- هێندێک لە ناوچەکـانی کـوردسـتـان (پۆلاک، ١٣٦١: ٣١٤-٣١٢).

ئەوەی لە دابەشکاریی سـەرەوە دەردەکـەوێ، یەکـەم ئەوەیە کە مەسـەلەی چەتەگەری تەنیا تایبـەتی کوردان نەبووە، دووەم ناوچە ناوبراوەکان بەگشتی لەسەر سنوور هەڵکەوتوون کـە ئەوەش پێـوەندی چەتەگـەری لەگـەڵ ناوچەگـەلی سنوور، بەڕاست وەردەگـێـڕێ. هەڵبـەت دابەشینی ناوچە نائەمنەکان بەم جۆرەی پۆلاک قاتبەندی کردووە هەر بەم چوار ناوچە ناهێمنە نابەسترێتەوە، هەر وەک خـۆی لەم بارەیەوە بە هەوڵی پێـشـتـری دەوڵەتی قاجار سەبارەت بە دانانی پۆستی "ڕێوانی"(راهداری) ئاماژەی بە ڕەوگەی پڕ خەتەری شیراز کردووە کە دواتر بنەجێ بوونی ئەم جۆرە پۆستانە هەڵگیرا و تەنیا لە کاتی ڕوودانی پەلاماری ڕێگران، چەند ڕێوانێک (راهدار) لە لایەن حاکم بۆ جێگیرکـردنی ئاسایش، ڕەوانەی ناوچە پەلاماردراوەکان دەکران (پۆلاک، ١٣٦١: ٣١٥).

نیـکیـتین(١٩١٥- ١٩١٨ز) ئامـاژە دەکـا کـە لە لێکۆڵینەوەکـەی هێلتـووت کـریسـتـۆف(١٢)، کـوردان لەسەر بنەمای تێبینییەکانی سیاسی - کۆمەڵایەتی، بۆ چوار دەستە دابەش دەکرێن:
١- ئاژەڵدارانی ئەرمەنستان.
٢- ئاژەڵدارانی داوێن باشووری کێوەکانی توورووس
٣- کۆچەرانی (چادرنشینان) شەڕکەری سەرسنوور.
٤- نیـمـچـە کـۆچەران(١٣). بەگـوێرەی ئاماژەی ڤاسیلی نیکیـتین، جۆری شـێـوە ژیان لەناو دەسـتـەی سەرسنوور، بووەتە هۆی هێـزبەخشی ئاکـار و ڕەفـتـاری شەڕخوازی تێیاندا و بەجێی ئەوەی وەک کوردانی کۆچەر و نیـمـچـەکـۆچەر، پیـشـەیەکی بەردەوام بۆ بژێوی ژیان هەڵبژێرن، بنەمای کاریان لەسەر چەتەیی و ملهوڕی کردن لەسەر دیتران داناوە(نیکیتین، ١٣٦٣: ١٧٢-١٦٢).

سـەرەڕای ئەوەی سنوورنشـینی هاندەری شـەڕخوازی و تالان بوو، دەیتوانی ڕۆڵی ڕاگوێزانی ڕێگرانیش جێبەجێ بکات، پۆلاک لەم بارەیەوە ئاماژە دەکا ئەگەر ڕێگران لە ئێـران تووشی کـێـشـە بایەن، بەئاسـانی دەچوونە لای هاوڕەگەزەکـانیـان لە کـوردسـتـانی عـوسـمانی و دەبوونە پــەنـــابـــەر (پــۆلاک، ١٣٦١: ٣١٤) ڕەزا حـیکمی(١٣١٤ه) کـە سـەردەمـێک لە ژاندارمـێـری سـەردەشت خـاوەن پێگە بووە، ئەگـەرچی ئامـاژە بە کەمبـوونەوەی ژمارەی ڕێگرانی کـورد دەکا، بەڵام دەڵێ دەستەگەلی ڕێگر کە لە زمانی کوردیدا "چەتە"یان(١٥) پێ دەڵێن لەنێوان سنووری ئێران و عێراق لەژێر چاودێری گەورەکانی خۆیان لە سنە و بانە و سەردەشت خەریکی چەتەگەری بوون کە دوای ئەنجامی غارەت و تالان ڕایان دەکـــردە نێـــو خـــاکی عـــێـــراقـــەوە (حـــێکمی، ١٣٦٣:ج٢/٧١٩-٧١٧) زۆربەی گـــوزارشـــتی گـەشـتـیـاران باس لەوە دەکـەن کـە شـوێنگەی ڕوودانی ڕێگری، مـەڵبـەندەکـانی سـەرسنوور بووە؛ بۆ نموونە ئاوڕدانەوە لەو گـرفـتـانەی بۆ وامـبـێـری لە کـاتی سەفەرەکەی(ئەرزڕوم بۆ سنووری ئێران) هاتووەتەپێش، خـۆی شـاهـیـدی چالاکی ڕێگرانی کـوردە لەم ناوچانە (بڕوانە: وامـبـێـری، ١٣٧٢: ٥١-٤٥) کـلاودیوس ڕیچ(١٦)، لە سـەفـەری خۆی بۆ کـوردسـتـان(١٨٢٠ز) کـاتی سەردانی شـاری بانە و تێـپـەڕین لە گوندەکـانی، دەڵێ چەتەیی و تالان تەنیا شتێکە کە بە بیستنی ناوی بانە وەبیردێتەوە؛ بە واتایەکی تر، ناوداریی ناوچەکەی لە دزیدا زانیوە(ڕیچ، ٢٠٠٢: ٢٣٦).

### ٣-٣- کوێستان بوونی ناوچە

ڕەنگە لەپاڵ هۆکـارگـەلی ڕووهێنانی کـورد بەرەو چەتەیی، سروشتی مەڵبەندە کوردنشینەکان دەوری زۆری هەبووبێ لە بەدیهـێنانی دیاردەی تالان؛ چونکە بەهۆی شارەزابوونیـان لە حەشارگە کوێسـتانییـەکان، زۆر زوو دەیانتـوانی لەناو دڵی کـێـودا خـۆیان حـەشـار بدەن کـە ئەوەش تاڕادەیەک ئەنجـامی چەتەیی لە لایەن ئەوانەوە ئاسان و بێ ترس دەکرد، ئەوەی وا گـەڕۆکەکان لە کـاتی گوزەر بە ناوچەکانی کوردنشینیدا بینیویانە، تاڕادەیەکی زۆر ئەم بابەتە پشـتـــڕاست دەکـاتەوە؛ جـــۆزافـــا باربارۆ(١٧)، کاتێ دەگاتە زەنجیرەکێوی تۆرووس، باس لە کۆمـەڵێک تەپۆڵکی بڵند و سەرەولێژ دەکا لەناو ئەم کێوانەدا وەک شوێنگەی نیشتەجێی کوردان، لێکدانەوەی سەبارەت بەم مەسـەلەیە ئاوایە کـە ئامـانجی کـوردان لە بنیادنانی شوێنگەی ئاوا بەرز، زاڵ بوونە بە سەر هەموو ڕێڕەوەکـانـدا تا هەر کـاروانێک کـە لەو ڕەوگـەیەوە تێدەپەڕێ، تێڕوانینیان بەسەریدا هەبێ و بتوانن تالانی بکەن(١٨) (باربارۆ، ١٣٤٩: ٦١).
هانری بایندێر(١٩) کە هاتنی بۆ ئێران هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی دەسەڵاتی ناسرەددین شا، لە بەشێکی کتێبەکەیدا

لەژێر ناوی "لە ورمێوە تا وان"، بەباشی توانیویەتی ڕەوگەی کوێستانیی ئەم ناوچانە وەسف بکا و وێناگەلی جوان لە سروشت بەدەستەوە بدات؛ هەروەها هێندێ ڕاپۆرتی داوە سەبارەت بەو قەڵایانەی وا لەسەر دوندی کوێستانەکانی کوردستان دیتوویە کە ڕێگران و ئەربابانی کەمدەستی کورد (خرده اربابان) تێیدا نیشتەجێ بوون، بایندێر دەڵێ خەڵکی ناوچە بەهۆی شارەزایی تەنگەڵان و زینوو، توانایی بەرەنگاریان لەگەڵ لەشکرێک هەیە (باینديّر، ۱۳۷۰: ۱۳۰).

ئووژێن فلاندێن (۲۰) (۱۸٤۰ز)، لە کاتی گوزەر بە مەهابادا بینای شارەکەی هەڵکەوتوو بەسەر کێوەوە ڕاپۆرت داوە و دەڵێ هۆی ئەوەی کاروانی پێدا ناڕوا، کوێستانی بوونی ڕێگە و نەبوونی ئاسایشی پێویستە (فلاندێن، ۱۳٥٦: ٤٤٤) کەوابوو بە پشت بەستن بەوەی وا گەشتیاران گوتوویانە، دەتوانین پشتڕاستی بکەینەوە کە هۆکاری سروشت لە بەدیهێنانی تاڵان و چەتەگەری، تا چ ڕادەیەک کاریگەر و ئاسانکەرەوە بووە.

### ۳- ٤- هۆگربوون بە چەتەگەری

لە باسی هۆی تری چەتەگەریدا، سەفەرنامەنووسان گیرۆدەیی زاتیی کوردیان لە ڕووهێنان بەم کارە کاریگەر زانیوە؛ بۆ نموونە ئابۆویان (۲۱) لە کاتی ناوبردنی سیفات و خەسڵەتەکانی کورد، لە هۆگریی ئەوان سەبارەت بە چەتەیی و تاڵان یاد دەکا (نیکیتین، ۱۳٦٦: ۱۸٤) ژووبێر، وێڕای ئاماژە بە دەربەستەیی کورد بۆ تاڵان، جێگۆڕکێی بەردەوامی ئەوان لە مەسەلەی " هۆگربوون بە چەتەیی" دا دەبینێ (ژووبێر، ۱۳٤۷: ٦۸) ئەو بەڵگەیەی وا شاردێن (۲۲) و تانکوانییش (۲۳) بۆ هۆی کۆچ و لێک بڵاویی کورد، دەستیان خستۆتەسەر (شاردێن، ۱۳۷۲: ٤۹٤، تانکوانی، ۱۳۸۳: ۹۰) ئەگەر بەڕاستی پەرتەوازەیی و کۆچی کورد بەهۆی چەتەیی بووبێ، دەبێ دانی پێدا بێنین کە حەزێک لەبارەیەوە لە ئارادا هەبووە!

پێوەندی و هۆگربوونی خۆڕسکانەی تاک بە چەتەیی، زیاتر دەگەڕێتەوە سەر هۆکاری ئاقار و مەسەلە دەروونییەکان؛ بەشێوەیەک کە گەشتیاران ڕەنگە لە کۆبەندیی ئەم مەسەلانەوە بەم باوەڕە گەیشتبێن؛ واتە لە ڕووی ورە و پاڵنەرەکانی تاک و ئاقار، هەڵبەت دەبێ ئەم خاڵەش بوترێ کە هێندێ لە گەڕۆکەکان لە سەر ئەم بڕوایەن کە کورد بۆ بەدەست هێنانی بژێوی، لە مەجبووریی ڕووی بۆ ئەم کارە هێناوە (فاولێر، ۱٤۸۱: ج۱/ ۸۱) کە بەم پێیە، ئیتر هۆگربوون بە چەتەیی لەنێو کورددا شتێکی بێ مانایە.

### ۳- ٥- هەستی ئازایەتی

ئازایەتی کورد لە کۆنەوە کەم و زۆر بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەجۆرێک لەگەڵیان لە پێوەندیدا بوون، بابەتێکی شیاوی ستایش بووە و بەردەوام لەم سیفەتەی کورد بەباشی یادکراوە (۲٤)، بێ گومان کورد خۆی ئاگاداری ئازایەتییەکەی بووە و لەم هەستەش چێژی وەرگرتووە، ڕەنگە هەندێ جاریش بۆ نیشاندانی ئەم سیفەتە هێندێ کاری کردبێ کە لە لای خۆی و دیتران بە "ئازایەتی" ناوی براوە، یان وەها بۆچوونێک لەبارەیەوە هەبووە؛ بۆ نموونە، شەرەفنامە چەتەیی کوردی بە ئازایەتی و لووت بەرزی ئەوان نیسبەت داوە کە لە هیچ حاڵێکدا منەتی سپڵە هەڵناگرن: «زۆربەی ئەم تایەفەیە بوێر و چاونەترس و دڵئاوا و لەخۆبایین؛ بەجۆرێک کە بەهۆی چاونەترسی و بوێری و جوامێری و غیرەتەوە، نێوی ڕێگر و چەتەیان لە خۆ ناوە، لەم ڕێبازەدا سەر دادەنێن و خۆیان بە کوشت دەدەن، بەڵام دەستی سواڵ بۆ داوای نان لەبەر سپڵە درێژ ناکەن» (شەرەفنامە، ۱۳۷۷: ۱٤).

لەمەڕ باسی هەستی ئازایەتی، نیکیتین سەرەڕای پەسنی شێوەی هەڵسوکەوتی کوردان لەگەڵ تاڵان کراوان، ئەو بوونی وەها ورەیەکی بەستراو بە چەند هۆکارەوە زانیوە کە پوختەکەی بەم جۆرەیە: لە ڕوانگەی کوردانەوە چەتەگەری و تاڵان نە تەنیا سووچ نییە، بەڵکو شایانی شکۆی پیاوانی ئازا بەئەژمار دێ، ئەم جۆرە سیفاتە لە هیچ نەتەوەیەک بەڕادەی نەتەوەی کورد، هەڵقوڵاوی خدە و عادەت و شێوەی ژیانیان نییە، هەرگیز لەگەڵ کەسانێک کە تاڵان دەکرێن وەک تاتار و تورکمان و عەرەب دڵڕەقانە هەڵسوکەوت ناکەن، ورەی جەنگاوەریی کوردان، لە ئەوینی بەرفراوان بە ئازادی و ئاکاری زاتییانەوە سەرچاوەی گرتووە (نیکیتین، ۱۳٦٦: ۱۸٥) جۆرج فاولێر سەرەڕای پشتڕاست کردنەوەی ئازایەتی کوردان، ئەم هۆکارە هاوپێوەند دەزانێ لەگەڵ جۆری ئاقار؛ واتە بەپێی ئاقار مەسەلەی ئازایەتی لە گۆڕانە و لە هێندێ شوێن بەرچاوترە (فاولێر، ۱٤۸۱: ج۱/ ۸۱).

### ٣- ٦- بژێوی

له ڕابوردوودا سیستمی ئابووریی عەشایەری، لەسەر چوار هێمی ئاژەڵداری، وەرزێری، پیشەی دەستی و تاڵان دامەزرا بوو(ئێنسساف پوور، ١٣٦٣: ٣٦٢) لەم ڕوانگەیەوە کاتێک دەڕوانینە دیاردەی "چەتەیی" دەبێ قبووڵی بکەین کە بەشێک لە کۆمەڵگای کورد، خاوەن وەها پێکهاتەیەک بوو؛ یانی چەتەیی وەک یەکێک لە شێوەکانی گوزەران گرتبووەبەر، ئێستا پرسیار ئەوەیە کە لە سیستمی ئابووریی عەشایەریدا چۆن دەتوانین چەتە، یان چەتەگەریی پێناسە بکەین؟ لێرەدا پێویستە مەسەلەی تاڵان لەسەر بنەمای سیستمی ئابووریی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا پێناسە بکرێ؛ بەو مانایە کە لە پێکهاتێکی عەشایەریدا ناتوانین پێناسەی نادڵخواز لە چەتەیی و تاڵان بخەینەڕوو، بەڵکو دەبێ وەک یەکێک لە پرەنسیپەکانی زاڵ بەسەر ئەو سیستمە ئابوورییەدا لێکی دەینەوە کە ئەنجامدانی بۆ تاکی کۆمەڵ شتێکی ئاسایی بووە (ئاغابەیگی، ١٣٩١: ٦٢) دیاردەی چەتەگەری لەناو عەشایەردا کە بیانییەکان لەژێر ناوی ڕەوەندی (وحشی گەری) باسی دەکەن بەهۆی وەک؛ ژیانی خێڵەکی بێ پشتیوان، یان دابینکردنی بژێو لە وشکەساڵیدا، پەرەی گرتبوو(ئێنساف پوور، ١٣٦٣: ٣٦٢).

جگە لەو دەستەیەی وا بەهۆی ژیانی عەشایەرییەوە لە کاری تاڵاندابوون، دەستەیەکی تر لە کوردان لەبەر نەداری چەتەگەرییان دەکرد؛ واتە لەو ڕێگەیەوە بژێویان دێنا بەڕێوە، لەم پێوەندییەدا ئەفەندی بایەزیدی، دوو گرووپی کورد ناو دەبات: گرووپی فەقیر کە پیشەیان چەتەیی بوو، گرووپی دەوڵەمەند کە ماڵی دیترانیان پێ حەرام بوو، تەنانەت لە ماڵ و دارایی خۆیان، دەیانبەخشی بە فەقیران (ئەفەندی بایەزیدی، ١٣٦٩: ١٧٩).

بەگوێرەی وتەی ڤلادیمیر مینۆرسکی(٢٥)، سەرۆک تایەفەکانیش بەو ماڵەی وا لە ڕێی چەتەگەرییەوە بەدەستیان دێنا، یارمەتیدەری تاکی کەمدەست بوون. ئەو دەڵێ جەعفەراغا، سەرۆکی تایەفەی شکاک، لە ناوچەی چێهریقی سەڵماس جارناجار کاری چەتەیی دەکرد و ئەوەی لە تاڵانی دەوڵەمەندان بەدەستی دێنا، لەنێو تاکی تەنگدەستدا، دابەشی دەکرد(مینۆرسکی، ١٣٧٨: ١١٠).

بەشێوەی گشتی لە ڕابوردوودا بژێوی کورد لەسەر سێ بناغەی وەرزێری و ئاژەڵداری و چەتەیی تۆکمە بوو کە دیارە پێڕاگەیشتن بە باسی وەرزێری و ئاژەڵداری جێی تایبەتی خۆی گەرەکە، بەڵام ناوبردنیان لێرەدا بەو مەبەستەیە کە ئەم دوو شێوازە لەگەڵ چەتەگەری، سێ چوکڵەی بژێوی کوردیان پێکدێنا، بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی تۆمارکراون، ویدەچێ چەتەیی، لەپاڵ وەرزێری و ئاژەڵداری پیشەی گرووپێک بووبێ بۆ بەڕێوەبردنی بژێوی؛ کەوابوو دەکرێ لە چەتەیی وەک یەکێک لە گۆشەکانی سێ چوکڵەی بژێو یاد بکرێت.

کوردانی سەقامگیری دەشتایی، بەگشتی مەسەلەی ئابوورییان لەڕێگەی وەرزێری و ئاژەڵدارییەوە دابین دەبوو (کێننان، ١٣٤٨: ١٥، دروڤیل، ١٣٦٥: ٣١٧) سەرقاڵیی بەم دوو شێوە بژێوە، پێویستی بە تەرخانکردنی کاتی سەرومڕ هەبوو بۆ بەهرەدانەوە؛ کەواتە وەختگری و سوودبەخشیی ئەم دوو پیشەیە لە ئاستێکدا بوو کە دەیتوانی پێداویستی تاکەکان جێبەجێ بکا، بۆیەش ڕەنگە بووبێتە هۆکاری ڕوو وەرگەڕاندنی وەرزێر و شوانی کورد لە چەتەیی؛ هەرچەندە گاسپار، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەستەی عەشایەری ئاژەڵدار لە دەرەوەی شوێنگەکانیان، بەبێ مەترسی نازانێ(دروڤیل، ١٣٦٥: ٣١٧).

بەپێچەوانەی کوردی دەشت نشین، کوردی کوێستان نشین شێوە بژێوی تارادەیەک جیاواز بوو؛ چالاکیی گرینگی ئەوان جگە لە ئاژەڵداری، کارگەلی پەرتەوازە وەک قاچاخ(خوێ بردن لە ئێرانەوە بۆ عێراق، گەنم و جۆ هێنان لە عێراقەوە بۆ ئێران لەلایەن عێلی هەرکییەوە) و چەتەگەری بوو کە ئەم چالاکییە(چەتەیی) لایان وەک وەرزیش و سەرگەرمی بەئەژمار دەهات(کێننان، ١٣٤٨: ١٧-١٥)، هەروەها کوردەکانی خۆراسانیش سەرەڕای ئەوەی خاوەن کاری شیاو بوون، بەشێوەی لاوەکی بۆ چێژ و لەززەت، چەتەگەرییان دەکرد(دئالمانی، ١٣٧٨: ج٢/١٠٠).

شایانی باسکردنە کە هێندێک لە گەشتیاران بژێوی کوردیان تەنیا بەشێوەی چەتەگەری و تاڵان ناوبردووە(دروڤیل، ١٣٦٥: ٣١٦) بەڵام تاقمێکی تر پیشەی چەتەگەرییان لەپاڵ وەرزێری و ئاژەڵداری بە یەکێکی تر لە شێوەکانی دەستەبەرکردنی بژێوی کورد ناودێر کردووە(دئالمانی، ١٣٧٨: ج٢/٩٧).

## ٣- ٧- ماڵیات (باج)

ماڵیات هەمیشە بۆ چینەکانی خەڵک مەسەلەیەکی هەستیار و سەرنجڕاکێش بووە، بەردەوام پەرچەکرداری** لە بەرانبەردا ئەنجام دەدرا، لە سەردەمی قاجار کە پێکهاتی حکوومەت وەک ناساغ دەچوو، بێ عەدالەتییەکان سەبارەت بە وەرگرتنی باج بابەتێکی ئاشکرا بوو، لە دواییەکانی سەدەی نۆزدەمدا، موتاڵای تایبەتیی لەمەڕ ماڵیاتی سنفەکان نیشان دەدا کە تەنانەت تاکی بورداو لە ماڵیاتیش هەر دەکەوتە بەر چەوسانەوە، بەشێوەیەک کە «هیچ کەس لە تەماحی چینی حاکم ئاسوودە نەدەما» (فلوور، ١٣٦٥: ج٢/٨٢).

پێداچوونەوە بە سەفەرنامەکان، ئاشکرای دەکا کە لە سەردەمی قاجاردا، باج وەرگرتن لە کورد کارێکی چەتوون و ئاڵۆزی خوڵقێن بووە؛ بەجۆرێک کە دەرکردنی فەرمانی باج وەرگرتن لە عێلاتی هەکاری لە لایەن بیگلەربەیگیی ورمێوە لە ساڵی ١٨١٣ی زایینی، بوو بەهۆی یەکگرتوویی کورد دژ بە حاکم و تاڵان و خەسارەتی زۆری لێ کەوتەوە کە لەئاکامدا شازادە عەباس میرزا، بیگلەربەیگیی ورمێی وەلا نا و عەسکەرخانی ئەفشاری لەجێگەی دانا، بەم جۆرە ئاژاوەکە کۆتایی پێهات (درۆڤیل، ١٣٦٥: ٢٠٥).

دەتوانین بڵێین حکوومەتیش ئاگاداربوو سەبارەت بە خۆڕاگری کورد لە بەرانبەر مەسەلەی ماڵیاتدا و وتەی پۆلاک ئەم گریمانە پشتڕاست دەکاتەوە کە لە وڵاتی کوردستان بەهۆی ترس لە سەرهەڵدانی شۆڕش، کەمتر باج لە کورد وەردەگیرا (پۆلاک، ١٣٦١: ٣٥٤)، باج وەرگرتن لە کورد چەند گرفتێکی لەپێدا بوو؛ ئەم ئیشە سەرەڕای ئەوەی کوردی بەرەو تەنگدەستی دەبرد، هۆکارێکیش بوو لە شەوق و مەیل دابڕانی کورد لەبواری «نواندنی هونەری ڕازێنەرەوەیی» (نیکیتین، ١٣٦٦: ١٣٩).

ئەوەی کە باج و چەتەیی چۆن دەتوانن پێکەوە پێوەندیان هەبێ، دەبێ بڵێین کە چەتەگەری و تاڵان لەنێو خێڵاتی کورد کە جاری وا پریشکەکەی تەنانەت خۆیانیشی دەگرتەوە، لەوانەیە بۆ خۆدزینەوە لە بەجێهێنانی باج ئەنجام درابێ (مەک داول، ١٣٨٦:١٥١-١٥٠) بەم پێیە دەرچوون لەژێر باری بەجێهێنانی ماڵیات، بەو ڕادەیەی کە لە هەڵبژاردنی ژیانی کوێستانیی کورد دەوری هەبووە، لە ڕووهێنانیان بە چەتەگەریش کاریگەر بووە(ویشارد، ١٣٦٣: ٨).

## ٤- ڕێژەیی بوونی دیاردەی چەتەگەری لەنێو کورددا

لە قەڵەمدانی کورد بە چەتە، خاڵێکە کە لە موتاڵای بەرهەمی گەشتیاران دەبێ سەرنجی بدرێتێ؛ بەو مانایە کە زۆربەی سەفەرنامەنووسان بەگشتی بۆ هەموو کوردان وشەی چەتە، یان هاوواتای ئەم وشەیەیان بەکارهێناوە؛ بۆ نموونە، ژی.ئێم.تانکوانی کە لە ساڵی ١٨٠٧ی زایینی هاوڕێی شاندی ژەنراڵ گاردان بە تورکیادا دێتە ئێران، لە سەفەرنامەکەیدا کورد بە تاقمێک پیاوکوژ و چەتە ناو دەبا کە سەرقاڵی کوشتار و تاڵان کردنن(تانکوانی، ١٣٨٣: ٩٠-٨٩)، گەڵاڵەی وەها مەسەلەیەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم پرسیارە بێتە زەینەوە: ئاخۆ هەموو کوردان دەکەونە بەر ئەم وەسفە، یان چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگای کورد مەبەستی گەشتیاران بووە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەبەینی ڕاپۆرتی هەندێک گەڕۆکدا کە وردبینییان لەچاو گەڕۆکەکانی تر زیاترە، دەست دەکەوێ؛ جۆرج ناتانیل کوورزۆن(١٨٩٠ز)، سەبارەت بە ئاکار و ڕەفتاری کورد دەستنیشان دەکا کە هەموو جۆرە تاکێک وەک چەتە و لادێی و جەنگاوەر و تەنگدەست لەنێویاندا پەیدا دەبێ، بابەتێک کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەم جەماوەرە بەگشتی تاڵانکەر و مایەی شەڕ وێنا بکرێن، لەو تیۆرییە غەرەزاوی و باوەڕە هەڵەیەوە سەرچاوەدەگرێ کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبووەتەوە کە ئەویش بێ بنەمایە و لەڕیزی شتە نادروست و پووچەکاندایە (کوورزۆن، ١٣٦٧: ج١/ ٧٠٠-٦٩٩).

دێرک کێننان، بۆچوونی ئەورووپییەکان کە بروامەندن ژیانی کورد لەسەر بنەمای دزیی چەکدارانە دامەزراوە، ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ وەها شێوازێک لە کوردستان گشتگر نییە، بەڵکو گرووپێکی کەم خەریکی ئەم کارەن، هەروەها ئەمە باوەڕی کەسانێکە کە زانیارییان لەمەڕ مەسەلەکانی کوردستان رووکارییە (کێننان، ١٣٤٨: ١٧).

بەم پێیە دەتوانین دانی پێدا بێنین کە تاڵان و دزی، تەنیا لە نێو گرووپێکی دیاریکراوی کورد، بەپێی ئەو بەڵگانەی باس کران، برەوی هەبوو، نابێ زیادەڕۆیی

گەڕۆکەکان(٢٦) لەم بارەیەوە بەشێوەی ڕەها قبوولّ بکەین، لێرەوەیە کە دەبێ ڕێژەیی بوونی چەتەگەری لەنێو کورددا لەبەرچاو بگرین نەک شێوە ڕەمەکی و گشتییەکەی(٢٧).

## ٥- ئاکامبەندی

لە تاووتوکردنی هۆکارگەلی سەرهەڵدانی دیاردەی چەتەیی لەناو کورداندا، دەبێ بڵێین بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر بەکارنەهاتوویی دەزگاکانی دابینکەری ئاسایشی سەردەمی قاجار، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی حاکمان و ڕامیاری دەرەوەی سنوور، بەڵام جگە لەمانە، هۆکارگەلێکی تریش لە بەدیهێنانی وەها دیاردەیەک شوێندانەر بووە؛ بۆ نموونە، ئاقار و هەلومەرجی جوگرافیایی لەو هۆکارانەن کە ڕێخۆشکەری چەتەیی بوون، کەوابوو وەها کارێک لە سایەی ئاقارەوە ئەنجام دەدرا، لەوەها سەردەمێکدا هەر نەتەوەیەک لە جێی کورد بایە ئەگەری تووشبوونی بەم دیاردەیەوە هەبوو.

لە پاڵ هۆکاری ئاقار(محیط)، فاکتەرێکی تر کە مرۆڤ بەردەوام هەوڵ و تەقەللای بۆ داوە، دابینکردنی بژێوی ژیانە کە لەم بوارەدا چەتەیی لەگەڵ چێژی*** ئازایەتی، بە جۆرێک هەوڵ دانراوە بۆ تێپەڕاندنی ژیان لە کاتی تەنگژەدا. هۆکارێکی تر لە ڕووهێنانی کورد بە چەتەیی، گوشاری باج وەرگری و ڕەوانی حاکمەکانی زاڵ بەسەر ئەواندا بوو کە مافیان پێشێل دەکردن، کردەی چەتەیی ڕاستییەکەی کاردانەوەیەکی نارەزایەتییانە دژی هەلومەرجی زاڵ، هەڵبەت بابەتی چەتەیی لەناو کورداندا مەسەلەیەکی ڕێژەیی بووە و دەبێ گشتاندنەکەی بە هەڵەی گەڕۆکەکان دابنرێ.

**پەراوێزەکان:**

١- قەرەسۆران: «سەرهەنگی پاسەوانی قافڵە، ئەو کەسەی وا لە لایەن پاشاوە دەبووە سەرکردەی گرووپ تا لەناو ڕێگاکان سەقامگیر بێ بۆ ئەوەی دەستەی قافڵە لە شوێنگە مەترسیدارەکان بەسەلامەتی ڕابگوێزێ؛ ئەمنیە» (موعین، ١٣٨٨: ج٢/١٨١٧).

٢- ئابراهام ڤالێنتاین ویلیامز جەکسۆن(١٩٠٣ز) لە کاتی سەردانی مەجدولسەڵتەنە (جەمشیدخانی ئەفشار) نایبولحکومەی ورمێ لە بەڕێوەچوونی سیاسەتی ناوبراو، بەدەستی گرووپێک لە خودی عەشایەری جەنگاوەر بۆ کۆنترۆڵی کوردەکانی چەتەگەر لەپێناو پاراستنی نەزم و ئاسایشی ورمێ ڕاپۆرتی داوە کە ئەنجامەکەی سەرکەوتوو نەبووە (جەکسۆن، ١٣٨٧: ١٢٠-١١٩).

3- Jaubert Pierre Amedee Emilien Probe

4-Vambery Armin

٥- لە کوردستان زۆرجار دوو دەستە وشە بۆ سەرۆک و سەرپەرشتی ئێل(ایلخانی) بەکار دێن؛ یەکیان "ئاغا" و ئەوی تر "خان"ە، دەستەوشەی "ئاغا" تایبەت بە خێڵات و عەشایەری کوردە لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئێران و تورکیا و باکووری ئێراق؛ بۆ وێنە، سمایل ئاغای سمکۆ، سەرۆکی عێلی شکاک، یان هەمزاغای مەنگوڕ سەرۆکی عێلی مەنگوڕی مەهاباد، دەستە وشەی "خان" تایبەتی خێڵات و عەشایەری ناوەند و باشووری کوردستانە؛ وەک ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان، شیرخانی سەنجابی، یان عەباس خانی قوبادی کەڵهوڕ ناسراو بە سالار عەشایەری ئێلخان و سەرۆکی خێڵی گەورەی کەڵهوڕ لە سالانی پێش لە دەیەی هەزار و سێسەدوپەنجای هەتاوی» (تەبیبی، ١٣٧١: ١٦٢).

6- Polak Jakob Eduard

7-Derk Kennane

8-Gaspard Drouville

9-Bruinessen Martin Van

١٠- هەڵبەت کەسانێک لە کاری چەتەگەری ئەم تاقمە لە سەرۆک و گەورەکان ئاگادار بوون و پەردەیان لەسەر لاداوە؛ شاعیری ناوداری کورد مامۆستا هێمن (١٩٢١- ١٩٨٦ز)، لە تەرجیع بەندێکدا لەژێر ناوی «ئەمن دەیلێم و بێ باکم» بەراشکاوی بە مەسەلەی تالان و چەتەگەریی "ئاغا"کان ئاماژە دەکا و بەجوانی ستەم و دەستدرێژییان وەبیردەخاتەوە، بەجۆرێک کە شاعیر، بەهۆی کارگەلی ناحەزی ئەوان، تەنانەت لە کوردبوونی خۆی هەستی شەرمەزاری دەکا و دەڵێ من بە ئیشی پەستی ئاغاکان ئاگادارم و لە ئاشکراکردنی ترسێکم نییە؛ تەنانەت ئەگەر بەخاتری ئەمەوەش بمخەنە زیندانەوە. بەشێک لە شیعرەکەی:

**«ئەوی ئاغا بێ بێکارە**
**جەبوون و قەڵس و لاسارە**
**دزی و ڕێگرتنی کارە**
**ئەمن دەیلێم و بێ باکم**
**لە تالان و بڕۆ ئازان**
**لە ڕێگرتن هەموو وریان**
**درۆ ناکەم بپرسن وان**

**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم...»** (هێمن، ٢٠٠٣: ج١/٦٣-٦٢).

11- McDowall David

12-Hellmut Christoff

١٣- هێلتوت کریستۆف، جگە لە کوردی کۆچەر و نیمچەکۆچەر، لە گرووپێکی تر لەژێر ناوی «تاک گەلی شارۆمەندی کورد» ناو دەبا کە سەرهەڵدانیان هاوکاتە لەگەڵ سپاردنی دەسەڵات پێیان لەلایەن حکوومەتی ئێران و عوسمانییەوە، لەوەبەدوا جێگەی سەرۆک عەشایەر لە شوێنگەلێک هەڵدەبژێردرا کە لە دەست ڕاگەیشتنی پێوەندیدا بوو، ئیتر لە گرفتگەلی سنووردارێتی ژیانی ناو خێوەت ڕزگار دەبوون؛ کەواتە سەرۆکەکان بۆ پاراستنی دەستەڵاتی خۆیان، ناچاربوون لە شاردا بمێننەوە کە لە دەرەئەنجامدا عەشایەری جەنگاوەر کە سەر بە سەرکردە بوون لەگەڵی دەهاتن بۆ شار و بەم شێوەیە دەبوون بە شارۆمەند (یەکجێ نشین) (نیکیتین، ١٣٦٣: ١٧٦-١٧٥).

14- Nikitine Vassili

١٥- Chete «گۆیا وشەیەکە ئەڵمانی بەمانای ڕێگر» (بروویننسین، ١٣٧٩: ١٤٥). مانای وشەی "چەتە" لە هەنبانەبۆرینەدا: «١- ڕێگر، گۆران ٢- جەندرمەی مەعموری دزگرتن ٣- هاوبەش لە شۆڕشی دژی دەوڵەت» (هەنبانەبۆرینە، ١٣٦٩: ٢١٤).

16- Rich Claudius James

17-Barbaro Josaphat

١٨- پێویستە بڵێین کە ئەم مەسەلەیە هەمیشە بەم جۆرە نەبووە؛ بۆ نموونە، بازرگانی ڤێنیزی لە سەفەرنامەکەی باس لە مانەوە لە کاروانسەرایەک دەکا نزیک بە قەڵای کێفێندۆ (Keffendo) لە بەدلیس کە کوردانی لادێنشینی ئەوێ لە "گوندە کوێستانییەکانیان"دا لە ڕێگای فرۆشی نان و خواردەمەنی و جۆ و ئالیف بژێویان بەڕێوە دەبرد، ئەو دانی پێداناوە کە ناوچەی ناوبراو پەتی لە چەتە بووە (سەفەرنامەی بازرگانی ڤێنیزی لە ئێران، ١٣٤٩: ٣٧١-٣٧٠).

19- Binder Henry

20-Flandin Eugene Napoleon

21-Abovian

22-Chardin sir John

23-Tancoigne J.M

٢٤- هارۆلد. ئێف. وێستۆن (Harold F. Weston)، لە بواری لێکچوواندن، هەیبەت و ئازایەتی کوردی بەم جۆرە وەسف کردووە: «هەیبەتی کورد کە تێکەڵاوێکە لە سادەیی و بوێری، وەبیرهێنەرەوەی پۆرترە دڵخوازەکانی ڤێلاسکۆس (VELASQUEZ) وێنەکێشی بەناوبانگی ئیسپانیاییە. بەم جیاوازییەوە کە دەموچاوی ئەم پاڵەوانە ڕۆژهەڵاتییانە بەو هەموو شەوق و سۆز و هەستە بەتینە، وات لێ دەکا دانی پێدابنێی جیلوە و شکۆیان لە قارەمانانی ناو چیرۆک زیاترە، ڕاستییەکەی ئەم کوردە باڵابەرزە خۆش پۆشانە، لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ مینیاتۆرە جوانەکانی کەونارای ئێران هەیە» (بێرد، وێستۆن، ١٣٧٦: ١٦٢).

25- Minorski Vladimir Fedorovich

٢٦- لەبارەی مەسەلەی سەفەر بۆ ناو ئێران، سەفەرنامەنووسان خۆیان دانیان پێداناوە کە سەبارەت بە مەترسی ماڵی و گیانی، زیادەڕۆیی کراوە (پۆلاک، ١٣٦١: ٣١١).

٢٧- یاکۆب ئێدوارد پۆلاک، لەمەڕ گرووپێک کە ناوی نەهێناوە و ئاشکرا نییە مەبەستی کام گرووپ بووە، دەڵێ ئەم گرووپە زۆر لە دزی پارێزیان دەکرد، بەڵام غارەتی ماڵی کەسێک کە بمردایە بە حەڵاڵیان دەزانی، پاساوی هەڵەی ئەم گرووپە ئەوە بوو کە ئەگەر بیانەوێ ماڵی کەسێک تاڵان بکەن، دەبێ هەوڵ بیکوژن تا بەگوێرەی بووچوونی هەڵەی خۆیان بتوانن دەست بەسەر ماڵی ئەو کەسەدا بگرن - کە مردووە -. پۆلاک، جگە لە نموونەی کەمی ئاوا لەنێو کوردان، ئەوان بە "بنەماکانی جوامێری" (اصول جوانمردی) پابەند دەزانی و لەسەر ئەم باوەڕەیە کە دەبێ بە میواننەوازی و بڕیاردانی کورد لە پاڵپشتی تاکەکان متمانە بکرێ (پۆلاک، ١٣٦١: ٣١٤).

**فەرهەنگۆک:**

* تەرت: بڵاو (پراکندە)

** پەرچەکرداری: کاردانەوە (واکنش)

*** چێژ: تام (چاشنی)

**سەرچاوەکان:**


١- اقابیطی، فرامرز (١٣٩١). قوم کرد ایران در سفرنامە ها (از صفوی تا پهلوی دوم)، پایان نامەی کارشناسی ارشد ایران شناسی، یزد.

٢- افندی بایزیدی، محمود (١٣٦٩). اداب و رسوم کردان، بەسعی و اهتمام شرق شناس مشهور روس الکساندر ژاپا، با نظریات، مقدمە و موخرەی استاد عبدالرحمن شرفکندی «هەژار»، ترجمە و تعلیق و ضمائم از: عزیز محمدپور داشبندی، چ اول، بی جا: بی نا.

٣- انصاف پور، غلامرضا (١٣٦٣). ایران و ایرانی بە تحقیق در صد سفرنامەی دوران قاجاریە، چ اول، تهران: زوار.

٤- باربارو، جوزافا (١٣٤٩). سفرنامەهای ونیزیان در

ایران(شش سفرنامه)، ترجمه‌ی منوچهر امیری، چ اول، تهران: شرکت سهامی انتشارات خوارزمی.
٥- بایندر، هانری (١٣٧٠). سفرنامه‌ی هانری بایندر کردستان، بین النهرین و ایران، ترجمه‌ی کرامت الله افسر، چ اول، تهران، انتشارات فرهنگسرا(یساولی).
٦- بدلیسی، شرف الدین بن شمس الدین (١٣٧٧). شرفنامه: تاریخ مفصل کردستان، به‌اهتمام ولادیمیر ولییامینوف زرنوف، ٢ج دریک مجلد، چ اول، تهران: اساطیر.
٧- برد. اف. ال و وستون. هارولد. اف (١٣٧٦). گشتوگذاری در ایران بعد از انقلاب مشروطیت، ترجمه‌ی علی اصغر مظهری کرمانی، چ اول، تهران: جانان.
٨- بروین سن، مارتین وان (١٣٧٩). جامعه‌شناسی مردم کرد(اغا، شیخ و دولت): ساختارهای اجتماعی و سیاسی کردستان، ترجمه‌ی ابراهیم یونسی، چ دوم، تهران: پانیذ.
٩- ثولاک، یاکوب ادوارد (١٣٦١). سفرنامه‌ی پولاک «ایران و ایرانیان»، ترجمه‌ی کیکاووس جهانداری، چ اول، تهران: خوارزمی.
١٠- تانکوانی، ذی. ام (١٣٨٣). نامه‌هایی درباره‌ی ایران و ترکیه‌ی اسیا: سفرنامه‌ی ذی. ام. تانکوانی، ترجمه‌ی علی اصغر سعیدی، چ اول، تهران: ضشمه.
١١- جکسن، ابراهام والنتاین ویلیامز (١٣٨٧). سفرنامه‌ی جکسن: ایران در گذشته و حال، ترجمه‌ی منوچهر امیری و فریدون بدره‌ای، چ پنجم، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.
١٢- حکمی، رضاقلی (١٣٦٣). مجموعه‌ی خاطرات وحید، چ اول، ج٢، تهران: ایران.
١٣- دالمانی، هانری رنه (١٣٧٨). از خراسان تا بختیاری، ترجمه‌ی غلامرضا سمیعی، ٢ج، چ اول، تهران: طاوس.
١٤- درورویل، گاسپار (١٣٦٥). سفر در ایران، ترجمه‌ی منوچهر اعتماد مقدم، چ دوم، بی جا: بی نا.
١٥- ریچ، کلودیوس جیمز (٢٠٠٢م). سفرنامه‌ی ریچ به کردستان (گه‌شتنامه‌ی ریچ بۆ کوردستان)، ترجمه از عربی به کردی: محمد حمه باقی، چ سوم، اربیل: اراس.
١٦- ژوبر، پ. امده (١٣٤٧). مسافرت در ارمنستان و ایران به انضمام جزوه‌ای درباره‌ی گیلان و مازندران، ترجمه‌ی علیقلی اعتمادمقدم، بی جا: انتشارات بنیاد فرهنگ ایران.
١٧- سفرنامه‌ی بازرگان ونیزی در ایران (١٣٤٩). سفرنامه‌های ونیزیان در ایران(شش سفرنامه)، ترجمه‌ی منوچهر امیری، چ اول، تهران: شرکت سهامی انتشارات خوارزمی.
١٨- شاردن، ژان (١٣٧٢). سفرنامه‌ی شاردن، ترجمه‌ی اقبال یغمایی، ج ٢، تهران: توس.
١٩- شرفکندی، عبدالرحمن (١٣٦٩). هه‌نبانه بورینه فرهنگ کردی - فارسی هه‌ژار، چ اول، تهران: سروش.
٢٠- شمیم، علی اصغر (١٣٩٠). ایران در دوره‌ی سلطنت قاجار، چ ششم، تهران: زریاب.
٢١- طبیبی، حشمت الله (١٣٧١). مبانی جامعه‌شناسی و مردم شناسی ایلات و عشایر، تهران: انتشارات دانشگاه تهران.
٢٢- فلاندن، اوژن (١٣٥٦). سفرنامه‌ی اوژن فلاندن به ایران، ترجمه‌ی حسین نورصادقی، چ سوم، بی جا: اشراقی.
٢٣- فلور، ویلم (١٣٦٥). جستارهایی از تاریخ اجتماعی ایران در عصر قاجار، ترجمه‌ی ابوالقاسم سری، چ اول، ج ٢، تهران: توس.
٢٤- کرزن، جرج. ن (١٣٦٧). ایران و قضیه‌ی ایران، ترجمه‌ی غلامعلی وحیدمازندرانی، ٢ج، چ سوم، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.
٢٥- کنان، درک (١٣٤٨)، کرد و کردستان، ترجمه‌ی جواد هاتفی، تهران، مؤسسه‌ی مطبوعاتی عطائی.
٢٦- معین، محمد (١٣٨٨). فرهنگ فارسی معین، ج٢، چ سوم، تهران: نامن.
٢٧- مک داول، دیوید (١٣٨٦). تاریخ معاصر کرد، ترجمه‌ی ابراهیم یونسی، چ سوم، تهران: پانیذ.
٢٨- مینورسکی، ولادیمیر فئودوروویچ (١٣٧٨). کرد: تاریخ، زبان و فرهنگ، ترجمه‌ی محمد رئوف یوسفی نژاد، چ اول، تهران: سهیل.
٢٩- نیکیتین، واسیلی (١٣٦٦). کرد و کردستان بررسی از نظر جامعه‌شناسی و تاریخی، ترجمه‌ی محمد قاضی، چ اول، تهران: نیلوفر.
٣٠- نیکیتین، واسیلی (١٣٥٦). خاطرات و سفرنامه‌ی موسیو ب نیکیتین، ترجمه‌ی علی محمد فره‌وشی (مترجم همایون)، با مقدمه‌ای از ملک الشعرا بهار و بهرام فره‌وشی، چ دوم، تهران: کانون معرفت.
٣١- وامبری، آرمین (١٣٧٢). زندگی و سفرهای وامبری شامل سیاحت درویش دروغین، ترجمه‌ی محمد حسین اریا، چ اول، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.
٣٢- ویشارد، جان (١٣٦٣). بیست سال در ایران، ترجمه‌ی علی پیرنیا، چ اول، بی جا: نوین.
٣٣- هیمن: محمدامین شیخ الاسلامی مکری (٢٠٠٣م). بارگه‌ی یاران، ج١، چ اول، اربیل: آراس.
34- Fowler, George, Three years in Persia; with travelling adventures in koordistan, v1, London, Henry colburn, Publisher, 1841.